کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23:26 17-9-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## حەمە سیاسی و نەجات حەمید سەرۆکی حکومەتیان لێکردووین بە مەهدی چاوەڕوانکراو ... ستیڤان شەمزینانی

Shamzini79@hotmail. com

بڕیارمدابوو خۆ بەدوور بگرم لەشەڕی قەڵەم وەشێنەکانی ناو ماڵپەڕەکان و پێشتریش هەمان داوام لە دۆستی ئازیزم کاك (ڕێبین هەردی) کرد خۆی دوور بگرێت لەم (بازاڕی عوکازەی موهاتەرات) چون هەر لەگەڵ چوونە ناوەوە بۆ ناو یارییەکەی لەو چەشنە لەوسەرەوە بە جنێوفرۆشی و قەڵەم وەشێنی دێیتە دەرەوە بەجۆرێك هەر دەڵێی سیحرت لێدەکەن و ناچارت دەکەن چەکی مەعریفەو زمانی دیالۆگ و ئەپستیم وەلا بنێیت تا ئادەم جنێو بە سولالەی ئەو کەسە بدەیت بەحیساب ڕەخنەی لێدەگریت و بۆچوونەکانی دەدەیتە بەر نەشتەری خوێندنەوە و شیتەڵکاریی.



بێ ئەوەی موهاتەرات بکەم یان ئارەزووی جنێودان پاڵم پێوە بنێت دەمەوێت بەچەند سەرەقەڵەمێك بەشداریی بکەم لەو شەڕە وەڵامەی لەنێوان سارا باباشێخ لەلایەك و چەند نووسەرێکی هەواداری پارتی لەلایەکی ترەوە لەئارادایە و بووە بەبنێشتە خۆشەی دەمی سایتەکان و خەریکە هەڕمێن پەیدا دەکات.

نامەوێت کەس بەوە تاوانبار بکەم ڕۆشنبیرنییە یان نەخوێنەوارە چونکە کەس مافی نەداومەتێ بەکارێکی لەو بابەتە هەستم بەپێچەوانەوە بەسروشتیی دژی مۆرکردنی خەڵکم بۆ سنفی جیاجیا، ئەو ڕەفتارە ئیدۆلۆژییە ترسناکە لەدنیای لیبراڵ و دیموکراسیدا نەباوی ماوە و نەباوی دێتەوە، قسەی من لەوێوە دەست پێدەکات ڕۆشنبیر یان ڕاستتر بڵێم نووسەر و قەڵەم بەدەستی ئێمە چۆن سەیری سەرکردە دەکات؟ پاشان چۆنیش تەماشای ڕەخنە دەکات؟ جا بائەو ڕەخنەیە لەنزمترین ئاستی گوزارشت و ئیستاتیکای نووسیندا بێت بەڵام ئەوە مافێکی هەرە سادە و ساکاری هەرکەسێکە ڕەخنەی هەبێت لەو دنیا و بارودۆخ و هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی تێیدا دەژیت.

سارا باباشێخ داوا دەکات سەرۆکی حکومەتی هەرێم وازنامە پێشکەش بکات چون خاوەنی ئیدارەیەکی فاشیلە وکابینەکەی سەرکەوتوو نەبووە لەپێشکەشکردنی ئاستێکی باش لەخزمەتگوزارییەکان بە هاووڵاتیان بەڵکو بە پێچەوانەوە باری ژیان و گوزەرانیان ڕووی لەخراپی زیاتر کردووە، ئەمەش هەقیقەتێکی زۆر دیار و ئاشکرایە نەك ژیرەکان بگرە شێت و شورەکانی وڵاتیش بەشی ئەوە ئاوەزیان هەیە کە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم فاشیلە و نەیتوانیوە لەئاست نیوەی ئەو بەڵێن و وادانەدابێت بەجەماوەری دابوو لەپێش هەڵبژاردنەکاندا، لەولاوە ڕیزێك نووسەری هەواداری حکومەت وەك ئەوەی هیچ کێشەو گرفتێك نەبێت لەسەری بنووسن و وڵات بووبێتە شامی شەریف بەڕووی سارا خان هەڵشاخین و ئەگەر بۆیان بکرێت فەتوای حەڵاڵکردنی خوێنی دەدەن لەهەقی ئەو کوفرانەی بەرامبەر بەسەرۆکی حکومەت کردوونی، لەدیدی ئەو نووسەرانەدا کوفر و تاوانە گەنجێك، ژنێك، پیرەمێردێك، خوێندکارێك، مامۆستایەك بڵێت پێویستە بەهۆی شکستەوە سەرۆکی حکومەت لابېرێت، چون لە ڕوانینی ئەواندا سەرۆك پێگەیەکی ئەفسووناویی و سەرتری هەیە تا ئەو ڕاددەیەی بەبوونەوەرێکی تایبەتی دادەنێن و شان و شکۆی دەگەیەننە ئاستی موسا کەلەدەستی فیرعەونەکانی سەردەم ڕزگاری کردووین، لەدیدی ئەم تەرزە ڕۆشنبیرەدا توانا و وزەی لەبن نەهاتووی سەرکردەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ژیرییە هەردەم ئامادەکەی نەتەوە ڕزگار دەکات، ژیان دروست دەکات، ئاوەدانی دەخاتەوە، بەها دەدات بە شتەکان ئیدی هەموو ئەو هاوولاتیانەی تر وەك مقەبا سەیر دەکرێن و هیچ بایەخێك بۆ هەوڵ و ماندووبوونیان دانانرێت، لەدیدی ئەم مامۆستایانەدا سەرکردە هەم فەیلەسووف و ڕێبەرە هەم ئەندازیاری ژیان، بۆ وێنە یەکێکی وەك سەددام حسێن لەوتارەکانیدا تەوجیهاتی شێوازی خۆشووشتنیشی دەدا بەئەندامانی حزبەکەی، ئیدی سەرکردە بەجۆرێك مافی پێدرابوو بەشداریی بکات لە پرسەکاندا هیچ جێگەیەك نەمابووەوە بۆ ژیانی تاکەکەس بەپێچەوانەوە تاکەکەس لێبۆکێك بوو بەدەستی سەرکردەوە.

لەروانینی ئەمجۆرە نووسەرانەدا دەبێت نانێك بخۆین و دوان بکەین بەخێر چونکە بەهرەمەندین لەمیهری سەرکردەیەکی کاریزمی کەدەتوانێت بەبەکارهێنانی عەقڵ و هزرینی سەرلەبەری ڕەنگی ژیان لەولاتدا بگۆڕێت، سەرکردەیەك وابیری لێدەکرێتەوە وتەکانی نەخشی بەردن و ورێنەکانیشی حیکمەت، ئەم تاقمە لە ڕۆشنبیری پاشماوەی بیرکردنەوەی بەسەرچووی بلۆکی ڕۆژهەلات هەموو دەستکەوتە مەزنەکان دەگێڕنەوە بۆ فەزڵ و چاکەی سەرۆکەکان و تەنانەت وابیر لە ئازادیی دەکەنەوە ئەو بڕە مافانەیە سەرکردەکان لە بۆنەو یاددەکاندا دەیبەشنەوە، هەرگیز ناچێت بەئەقڵیاندا سەرکردە تاکێکی ئاساییە وەك هەر تاکێکی تری کۆمەڵ و جێگەو ڕێگەی هەمان جێگەو ڕێگەیە، مامۆستایەك کارەکەی وانەبێژییە، دکتۆرێك لەنەخۆشخانە کاردەکات، ڕۆژنامەنووسێك دەنووسێت، نانەوا و قەساب و دارتاش و ئاسنگەریش هەریەکەی کارێکیان هەیە لە کۆمەڵگەدا، سەرکردە سیاسییەکان لەبواری سیاسەت کاردەکەن، سەرۆکی حکومەتیش کاری ئیداریی دەکات و کارەکەی هیچ زیاد و کەمی نییە لەکاری مامۆستایەك، کارگوزاری فەرمانگەیەك، ئەندازیارێکی تەلارسازیی، یان پاسەوانی فەرمانگەیەکی دەوڵەتی، ئیدی لەبەر چ شتێك سەرکردە پیرۆز بێت و ڕەخنەلێگرتنی بقە بێت؟ بەدەر لەمەش سەری دنیایان لێدێتەوە یەك ئەگەر باسی لابردن و گۆڕینی سەرکردەکانیان بکرێت ئەگەر بەزمانی خۆش و ڕێی کرینەوە نەیانتوانی لایەنی بەرامبەر ژیوان بکەنەوە بێگومان بەنووسین زەمینە بۆ لێدان و گورزلێوەشاندن لەو کەسە نارازییانە ئامادە دەکەن.

سارا باباشێخ ئەگەر ڕەخنەکانی دروست و واقیعیش نەبن (بێگومان واقیعی و دروستن) هێشتا هیچ کەس بۆی نییە دەمکوتی بکات و تاوانباری بکات (وەك هەندێك کەس کردیان) چون ئەو چیتری نەکردووە جگە لەموماره‌سەکردنی مافێکی زۆر سەرەتایی و سروشتی خۆی، بەڵام ئەگەر وردبینەوە بۆ ناو زەمینە و واقیعی کۆمەلایەتی کوردستانی ئەمرۆمان بێگومان زەمینەکە ڕاستی و دروستی ڕەخنەکانی ساراخان دەسەلمێنن نەك بیرورای ئەو نەیارانەی بەتوندیی وەلامیان دایەوە، واقیعەکە پێمان دەلێت کوردستان ئەو مەدینە فازیلەیە نییە کاك نەجات حەمید باسی دەکات بەڵکو ئەو کاولاشەیە سارا و دەیان نووسەر و ڕەخنەگری تر لەنووسینەکانیاندا پێیان نیشان داوین، هەلاوسانی ئابووریی، گەندەڵی بەردەوام، دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییەکان، نەبوونی ئاو و کارەبا و سووتەمەنی، بلاوبوونەوەی نەخۆشی ترسناك لەوێنەی کۆلێرا کەنەخۆشیی دووسەدە بەر لەئێستایەو لە مۆزەمبیقیش نەماوە، عجز هێنانی بودجەی حکومەت، پرۆژەی وەهمی، دەستێوەردانی حیزبی، تەواونەبوونی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەکاتی خۆیاندا، گرانی بازاڕەکان، بلاوبوونەوەی دزیی و لەشفرۆشیی، بەفیرۆدانی سەروەتی حکومەت لەپێناوی بنەماڵەو دەستەو تاقمدا، فەشەل هێنانی کاری زۆربەی وەزارەتەکان، پیسبوونی ژینگە، نەبوونی بیمەی کۆمەلایەتی و تەندروستی، پاشان لەگەلیدا خەمساردیی و گوێ خەواندنی حکومەت لێیان بەسن بۆ ئەوەی بلێین داواکارییەکەی سارا باباشێخ ڕەوایە و لەجێگەی خۆیدایەتی، لەهەمان کاتدا پێویستە بلێین کوردستان ئەو بەهەشتە نییە وەك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
17-9-2007 23:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

نەجات حەمید لەوتارێکیدا باسی دەکات و نێچیرەوان بارزانیش مەهدی چاوەڕوانکراو نییە وەك بابایەك بەناوی محەمەد سیاسی بۆی وەسف کردووین، ئێمەش هەر لەو کوردستانە دەژین کە ئێوە باسی دەکەن بەڵام خۆزگە کوردستان وابوایە ئێوە لەبارەیەوە دەدوێن و سەرۆکی حکومەتیش ئەوەندە خەمخۆر بوایە تا منیش دەنگم نەخستبایەتە پاڵ دەنگی خانمی سارا باباشێخ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.